# هیچکەسیك ناتوانێ شیخ زانا وگرووپەکەی لەئیسلام بێبەری بکات!

(سەبارەت بەقسەکانی نیچیرەوان بەرزانی لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لەخەلکی هەولیردا)

**محمد غفور**

دوینێ چوارشەممە نیچیرەوان بەرزانی سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان، بەمەبەستی سووکترکردنی باری ئەو ریسواییەی کەبەهۆی نیشاندانی دانپیانانەکان وفیلمی کارەچەپەڵ وقیزەونەکانی باندە درندە وئینسانکوژەکەی شیخ زاناوە بەرەورووی حیزب وحکومەتەکەی بۆتەوە، لەگەڵ ژمارەیەك لەخەلکی شاری هەولیر کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرزانی بۆ داپۆشینی ئەم ریسواییەیان، کەلەبنەرەتدا بەرەنجامی سیاسەتیکە کەهەردوو حیزبی ناسیونالیستی کورد، واتە یەکیتی وپارتی بەدریژایی 15سالی رابردوو بۆ راگرتنی بالانسی نیوانیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی ورەوتەکانیدا گرتوویانەتە پیش، وبەناوی ئەوەی "میللەتی کورد موسلمانە"و "ئاینی ئیسلام بەشیکە لەموقەدەساتی خەلکی کورد" دەسگیرۆیی سەرجەم رەوتە ئیسلامییەکانیان کردووە، هەوڵدەدات هەلسوورانی بەرفراوانی سیاسی وئامادەکاری وتیرۆریستی ئەم باندەی شیخ زانا بۆ ماوەی نزیك بە10 ساڵ لەپەناگوێی بەرزانی وحیزب وحکومەتەکەیدا، کەنفوزیشیان کردۆتە ناو دەزگای ئاسایشیشیانەوە، وەکو "تاوانیك!" یادیاردەیەکی "نەشاز ونەویستراو!" نیشانبدات، وئیسلامی لی بیبەری بکات. وەکار وچالاکیە جۆراوجۆرەکانیان لەریگای خودا وئایینی ئیسلامدا هەروەك خۆیان دانی پیادەنین، بۆ راهاتن لەسەر کوشتن وتیرۆر وتۆقاندن، بەبەدرەوشتی لەقەلەم بدات. پارەوپوولی زۆریان بۆ هەلرژاندن ومزگەوت وشوینە دینییەکانیان بۆ گەورەتر کردن وخستیانە ئیختیاریانەوە. لەحکومەتدا شەریکیان کردن وشەرعییەتیان بۆ قەرزکردن، تالەسەر بنەمای هەژاری وبیکاری وئاوارەیی بەشیکی عەزیمی خەلکی کوردستان ولەسەر دلیان هیلانە بۆ بردنەپیشی سیاسەتەکانیان بکەن. هەروا کەوتەوە بەرگریکردن لەو سیاسەتانە و بێهوودە دەیەوێ بەبێبەریکردنی ئەم تۆرە درندە وخوینخۆرانە لەئیسلام، ئەو نەنگییەی خۆیان وبزووتنەوەکەیان بکات بەژیرخۆلەوە، وروخساری دزیوی ئیسلامی سیاسی وتەواوی باند ورەوتەکانی تریشی سپی بکاتەوە.

بەلام حەقیقەتی دانپیانانەکانی ئەم موجاهیدانەی ریگای ئیسلام و،وەحشیەتی ریبازیك کەلەپیناوی بەرپاکردنی حوکم ویاسای ئیسلام وخودا لەسەر ئەرز نیشانی ئەدەن، زۆر لەو سکالایانەی بەرزانی بەولاوەتر وبەرچاوترن. تیرۆریستان خۆیان بەزمانی خۆیان هاواردەکەن کەلەریگەی خودا وئیسلامدا دەستیان بۆ ئەم کارانە بردووە وبەشەهامەتەوە دەیگیرنەوە. خۆیان دەلین، لەمزگەوتەکان، لای مەلا وئەمیر وئەنسار وکۆمەلەی ئیسلامییەوە، لەقورئان وکتیبی ئایینی وجیهاد لەرێی خودادا دەرسیان خویندووە وپەروەدە وگۆشکراون. کەچی بەرزانی بێگوێدان بەهەست وسۆزی خەلکی کوردستان، لەبینینی ئەم دیمەنە سەرسوورهینەرانەی پەلامار وقەسابخانەی ئیسلامیی بۆ سەر خەلکی بیئاگای کوردستان لەژیر سایەی دەسەلات وحوکمی حیزب وحکومەتەکەی بەرزانی وتالەبانیدا، دەیەوێ بەجیاکردنەوەی ئەم درندانە لەئیسلام، رووی رەش ودڵرەقی تیرۆریستانی ئیسلامی لەریبازی ئیسلام بۆ سەپاندنی دەسەلاتی درندانەیان بەسەر کۆمەلگادا بەجیا نیشانبدات. دەیەوێ ئەم جروجانەوەرە ئیسلامییە ریکخراو وموجەهەزانە وەکو دیاردەی شاز وشتی لەم قوماشە پیناسەبکات. بەرزانی دەلیت:"ئەم کردەوانە بەهیچ شیوەیەك پەیوەندیان بەئایینەوە نییە،هەموو ئایینەکان بۆ بەختەوەری لەژیاندا هاتوون تامرۆڤ بەبەختەوەری بژی.ئیمە بەردەوام دەبین لەریزگرتن لەئایین".

لەملپەراندنەکانی جەزائیرەوە بەتەور، تاسەربرین ولەتوپەتکردنەکانی خیلی حەمە وکارەتیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی هەولیر وشمشیروەشاندنەکانی بەعسییەکان وزەرقاوییەکان، تاسەر ودەست وقاچبرینەوە رەسمییەکان لەسعودیە و بەردبارانکردنەکان لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە، تاپاکتاوکردنەکانی ژنان ومەمنوعکردنی شادی وپیکەنین لەلایەن تالیبانەوە، هەتا فتوای کوشتاری کۆمۆنیستەکان ونووسەرانی رادیکاڵ وئازادیخوازان وژنان لەمزگەوتەکانی کوردستانەوە، زنجیرەیەکن لەپرۆژەیەکی ئینسانکوشتن وتۆقاندنی ئیسلامی لەپیناوی سەپاندنی دەسەلاتی خودا وقورئاندا بەسەر ئەو کۆمەلگایانەدا. ئیسلامی سیاسی بەهەموو شیواز وبالەکانییەوە، بەتووندرەو ومیانەرەوییەوە بەپێی پیناسەیان بۆ گەیشتن بەئامانجی حەقیرانەیان جگە لەتیرۆر وکوشتار وتۆقاندن ریباز وسیاسەتیکی دیکە شکنابەن. خەلکی کوردستانیش وەکو خەلکی جیهان، بەپانتایی گۆی زەوی دلرەقی ودلرەشی سەرجەمی ئەم باند وتۆرە دژە ئینسانیی وخوینریژە ئیسلامییانە رۆژانە دەبینن ودەبیستن. خودی دەزگاکانی راگەیاندنی بەرزانی، وتائیفە وقەوم وحیزبەکانی تری عیراق وراگەیاندنەکانی رۆژئاوا، هەر رۆژە هەوالی پارچەپارچەبوونی جەستەی دەیان ژن ومناڵ وپیر وخەلکی بێدیفاع بلاودەکەنەوە، کەبەکردەوەی تیرۆریستی لەچەشنی باندەکەی شیخ زانا ولەپیناوی هەر ئەو ئامانجانەدا کەشیخ زانا وهاورێکانی باسی دەکەن لەدانپیانانەکانیاندا، بەسەر دارودیواری شوینەگشتییەکانەوە دەگیرسینەوە. ئەنجامدەرانیش بەشەهامەتەوە بەیانی ئەنجانمدانی بلاودەکەنەوە لەرێی خودادا. روویەکی قایمی دەوێ کەسیك لەتەلەفزیۆنەکانی خۆیانەوە ئەم دیمەنە قیزەونانەی تیرۆریستانی ئیسلامی پەخشبکاتەوە ودواتر خۆشی پاساوی بۆ بهینیتەوە!هیچ کەسیك ناتوانێ شیخ زانا وگروپەکەی لەئیسلام بێبەری بکات. مەگەر خۆی بەقەد شیخ زانا هاوکار وشەریکی ئەو تاوانانە بێ!

لەكۆتاییدا بەرزانی دان دەنێ بەبێتوانایی حكومەتەكەیدا بۆ بەرقەراكردنی ئارامی وئاسایش وداوادەكات لەخەلك هاوكاری حكومەتەكەی بكەن. بەلأم لەواقعدا بزووتنەوەی كوردایەتی وحیزبەكانی بۆ چەندین جار ئەوەیان دوپاتكردەوە كەلەپیناوی ئامانجی بەرتەسكی حیزبەكانیاندا ئامادەن هەست ونیستی خەلكی كوردستان وئاوات وئارەزووەكانیان بكەنە قوربانی وهەراجی بكەن. 15ساله دەست دینن بەسەری رەوتە ئیسلامییەكاندا وگەورەیان دەكەن. 15ساله خەلكی كوردستانیان لەچاوەرووانیدا راگرتووە وبەبێ ئیرادە وخواستی ئەوان كوردستانیان بەدوو دەست تەسلیمی ئەمریكا كرد بۆ بردنە پیشی سیاسەتە كۆنەپەرستانەكانی لەعیراق وبەوەعدەیەكی تەلخ ونادیاری "فیدرالی"، وریزیان بۆ ئیرادە وخواستی سەرتاسەری خەلكی كوردستان دانەنا كەدەنگیاندا بەبەرپاكردنی ریفراندۆمیك بۆ سەربەخۆیی كوردستان، ولەسیناریۆیەكی پووچی هەلبژاردندا، كوردستانیان لكاندەوە بەعیراقەوە وئالأندیانە كیشمەكیش وجەنگیكی تەواو عەیاری ناوخۆوە، لەپیناوی شەریكبوون لەدەسەلأتی حكومەتی ناوەندداا. باندەكەی شیخ زانا بەرۆشنی ئەوەی بەیانكرد، كەیەكیتی وپارتی لەگەمەی سیاسەتی هینانەسەركاری دەولەتیكی قەومی ئیسلامیدا، بەقەد پووشیك نرخ بۆ ئیرادە وئاینده وخواستی خەلكی كوردستان دانانین.

بەلأم خەلكی كوردستان ناتوانن چیتر دیمەنی وەكو قەسابخانەكەی شیخ زانا وهاوریكانی دووبارەببیتەوە وبەدڵ خوازیارن ئیتر بۆ هەمیشە كۆتایی بیت. بۆ ئەم مەبەستە تەنها یەك ریگایان لەپیشە. ئەویش بریتییە لەتوورهەلدانی وەهمی كوردایەتی وبەیەكدەنگ وبەپانتایی كوردستان دەبێ خەلك بیتەمەیدان بۆ سەپاندنی خواستی سەربەخۆیی كوردستان ودامەزراندنی دەولەتیكی غەیرە قەومی وسكۆلار. وەهەر ئیستاش خواستی جیاكردنەوەی دین لەدەولەت وپەروەردە وفیركردن ئەتوانێ زەمانەتی بنبركردنی تۆوی تیرۆریزمی ئیسلامی ودووبارەنەبوونەوەی ئەو جۆرە دیمەنە دلتەزینانە بیت. قەدەغەكردنی هەلسوورانی هەموو حیزب وتاقمە تیرۆریستییە ئیسلامییەكان وپاككردنەوەیان لەكوردستان.ئەگەر بەرزانی بەهەق دەیەوێ ئەم دیاردانە بنبر بكرێ وخۆی بەهاوبەشی شیخ زانا وبزووتنەوەكەی دانانیت، دەبێ ملكەچبكات بۆ خواستی جیاكردنەوەی كوردستان وبەرپاكردنی ریفراندۆمیكی ئازاد تیایدا، هەتا ریگا خۆشبیت بۆ دامەزراندنی حكومەت ودەولەتیكی سكۆلار تیایدا.

2005–07–21